# عێراق لەنێو چوار شەڕی جیاواز و
# پێشهاتە ئایندەییەکاندا

هەورامان علی تۆفیق



بەپێ ئەو ڕاپۆرتەی کە ئیستخباراتی ئەمریکی کە 16 ئاژانسی تایبەت بەشەڕی ناخۆ کاریان تێدا کردووە و ئاماژەیان بەوەداووە کە توانرێ لەسەر هەندێ لایەنی عێراقی کەبەشێکن لە گرفت و کێشەو شەڕەکان لەعێراقدا بەشەڕی ناخۆ ناوببرێن و کێشە و گرفتەکانیش لەخراپەوە بەرەو خراتربوون و ئالۆزی زیاتر دەروات و ئەمریکاو هاوپەیمانانی بێ توانان لەچارەسەرکردن و دەست بەسەراگرتنی کێشەکان و هێورکردنەوەی بارودۆخەکە .

دوا بەدوای بڵاوبوونەوەی ئەم ڕاپۆرتە کۆشکی سپی زۆر بەخێرایی وەڵامی دایەوەو ئەوەی ڕاگەیاند کە ئەم ڕاپۆرتە زۆر توندە بەڵام ڕاست گۆیە و هیچ پێچەوانەی ئەو ستراتیجیەتە نوێیەی سەرۆک بۆش نیە . وەزیری بەرگری ئەمریکا ئەوەی ڕەد کردەوە کە بەناو شەڕی ناوخۆ باسی لێوەکراوە چونکە ئەوە شەڕی ناوخۆیەی کە باس دەکرێت ئەو ئاسان کاریە بەکێشە ئاڵۆزەکانی نێو گۆڕەپانی عێراق دەبەخشێت , کەواتە ئەم لێکدانەوەیە ئەوە دەگەیەنێ کە شەڕی ئێستای عێراق زۆر لەشەڕی ناخۆ ئاڵۆزتر و خراپ ترە و پاشان ئاماژەی بەوەش داوە کە چوار شەڕن هەریەک بەشێوەیەکی جیاواز لەعێراق داهەیە , شەڕی یەکەم ( شەڕی شیعە دژی شیعە ) شەڕی دووەم ( شەڕی تایفەگەریە تایبەت لە ناو بەغدا ) شەڕی سێ هەم ( شەڕی یاخی بووەکانە لەگەڵ ئەمریکاو سوپایی عێراق ) شەڕی چوارەم ( شەڕی تیرۆر و قاعیدەیە ) . سەبارەت بەئێرانیش کە ئەو ڕاپۆرتە ئاماژەی پێداوە ڕۆبێرت گیتس دەڵێ : کە جێگای گومانە ئێران دەستی هەبێت لەو هێرشەی مانگی پێشوو کە لەکەربەلا کرایە سەر بنکە سەربازیەکانی ئەمریکا و پێنج سەرباز گیانیان لەدەست دا , هەروەها ئەو خۆئامادەکاری و فراوانکردنەی هێزەکانی ئەمریکا لەکەنداوی عەرەبی ئەوەناگەیەنێ کە پێشەکێک بێت بۆ هێرش بردنە سەر ئێران .

بارودۆخەکانی عێراق بە هەرێمی کوردستان و ناوەڕاست و باشورەوە لەزور دەرگای جیاوازەوە بەرەو کارەسات و نەهامەتی و مەرگەسات هەنگاودەنێن , گرفتە ناوخۆییەکان لەڕووی سیاسیەوە هەنگاوی سست و لاوازو هەمیشە شکست خواردوون کە ئەویش هۆکاری خۆیی هەیە لەوانە یەک نەگرتنەوەی بەرژەوەندیەکان و دووری خواست و داواکاریەکان لەیەکەوە پێک نەگەیشتن لە زۆربەی هەنگاوە ستراتیجیەکاندا کە کێشەیەکی سیاسی خراپی لێ کەوتووەتەوەو بووەتە تەگەرەیێکیش بۆ سەرنەکەوتنی هەموو ئەو هەنگاوانەی کە دەنرێن .. لەڕوی ئەمنی یان ئاسایشەوە زۆر لەبارە سیاسیەکە خراپترە و ڕۆژانە دەیان کەس بە هێرش و کاری خۆکوژی و فراندن و تیرۆر دەبنە قوربانی خواستە گڵاو نامرۆڤانەی زۆر لەو گروپ و کۆمەڵانەی کە تەنها لەڕێگای تۆقاندن و کوشتنەوە کار دەکەن و ئاوارەبوون و ڕاکردنی دەیان هەزار هاووڵاتی بۆ ئەو ناوچانەی کە بەئارام ناودەبرێن تا خۆیان لەمەرگ و کوشتن ڕزگاربکەن و زۆر لەوانەش ڕوو لەکوردستان دەکەن و هەندێک بەرەو سوریاو ئوردن و ئێران و تورکیا و وولاتانی دی .. باری ئابوری و کۆمەڵایەتی و ژیان و گوزەرانی هاووڵاتیان لەوپەڕی خراپیدایەو دەسەڵات و حکومەت بێ دەسەڵات لەوەی کەمێک خزمەتگوزاری و بووژانەوەی ئابووری و دەستەبەرکردنی کار تا هەنەبێت ئەو ئێش و ئازارانە کەم ببنەوە . بێگومان ئەم گرفتە نەک تەنها ناوەڕاست و خوارو تێیدا دەژی بێگومان هەرێمی کوردستانیش لەو گرفتانە بێ بەش نیە , چونکە کاتێک دەڵێن بارودۆخی کوردستان باشترە ئەوە تەنها لەڕوی ئاسایش و هێمنی و ئارامی وەیە بەڵام باری خزمەت گوزاری و لایەنی ئابووری و دەستەبەرکردنی ژیانێک کە شایستەی جەماوەری کورد بێت ئەویش بوونی نیە تەنها ئەوانەی خاوەن دەسەڵات و لەڕوی ئابووریە بەتوانان ئەوانە خۆش دەژین و کوردستانیان لاخۆش و جوانە بەڵام هەژارێک کەسێکی برسی و کرێکارێک یان فەرمانبەرێک کەسایەتێکی تری چینەکان بەپێچەوانە لەبارو دۆخەکان دەڕوانێ .

دەست تێوەردانی وولاتانی ناوچەکە لەکاروباری ناخۆیی عێراق و هەرێمی کوردستان و دروست کردنی کۆسپ وتەگەرە و هەوڵدان بۆ بەردەوامی ئاژاوە و شەڕو دروست بوونی شەڕی ناخۆ بەجۆرێک هێوربوونەوەی بۆ نەبێت لەوانە ئێران کە بەشێوەیەکی ڕاستەخۆ لەسەرەتایی پرۆسەی ئازادی عێراق کار لەم بارەوە دەکات و هاوکاری

تەواوی ئەو گروپ و لایەنانەی کە دەتوانن خواستە ئێرانیەکان لەناوچەکەدا بپارێزن و وولاتێکی تری وەک ئێران لەعێراق دروست بکەن و گرفت و ئاژاوە بۆ هێزەکانی ئەمریکا دروست بکرێت و سیاسەتی ئەمریکی لەناوچەکە بەشکست بگەیەنن چونکە چەند ئەمرێکا مەبەستی بوو سەدام لەناوببرێت ئەوەندەش ئێران لەم هێرشانەدا مەبەست بوو ئەمریکیەکان هیچ کات خواستەکانیان بۆ هێرش بردنە سەر ئێران ناشارنەوە و ئاشکرا دەڵێن خۆمان ئامادە دەکەین و ئەم هێرشە و شەڕیش دوور نیە و دەبێ چاوەڕوانی بین .

لەلایەکی دی دەوری سوریا و هەڵوێستی دژانەی بەرامبەر بە بارودۆخەکانی عێراق و پشتگیرکردنی لە سەدامییەکان داڵدەدانی سەرانی حزبی بەعس و هاوکاری کردنیان لەدروست بوونەوە و کردنەوەی بارەگاکانیان و دەرگای وولاتەکەیان و سنوورەکانی بۆ هاتووچۆیی چەکداران و تیرۆرستان والا کردووە و ڕۆڵێکی تێکدەرانە لەو بارەیەوە دەگێڕێ بەپێچەوانەی ووتەکانیانەوە ئەمەش گومانی تێدانیە چونکە ئەم وولاتە لەدێرزەمەنەوە بەرژەوەندی تایبەتی لەم وولاتەدا هەیەو بەهۆیی دەسەلاتی سەدام نەیان توانیوە کاربکەن و ئەمڕۆ ئەو کۆسپەیان نەماوە . لەلایەکی ترەوە کێشە کورد و مەسەلە هەڵواسراوەکان و گرنگ تریان کێشەی کەرکوک و بڕیاری **140** و گرفت و دەمارگیریەکانی دەسەلاتی تورکی بەرامبەر بەکورد وجموجوڵەکانی و لەهەمان کات دا ئەوانیش لە هەمان  ستراتیجیەتی ئێران و سوریاوە کاری خۆیان دەکەن و پێشتگیری و هاوکاری تەواووی ئەو لایەن نەیارانەی کە دژ بەخواستەکانی کورد کاردەکەن و لەدەرگای هاوپەیمانیەتی و دۆستایەتی خۆیانەوە لەگەڵ ئەمریکا بەردەوام هەوڵ دەدەن . لێرەدا گرفتێک بۆ ئەمریکا پێش هاتووە لەلایەک نایەوێ دەست بەرداری وولاتێکی وەک تورکیا بێت سەرەڕای ئەوەی کە تورکیا دەست بەرداری خۆیی ڕاگەیاند لەهاوکاری نەکردنی ئەمریکا لەپرۆسەی ئازادی عێراق کەئەویش دەگەڕێتەوە بۆ کێشەی کورد لەناوچەکەدا لەهەمان کات دا ئەمریکاش ناتوانێ گرنگی کورد لەو ناوچەیە فەرامۆش بکات چونکە ناوچەکە بۆ خۆیی لەدۆخێکی نائارامدایەو و نائارامی دی هەڵناگرێ  و گرفتەکان بەخۆیان هێندە ئاڵۆزن و ئەگەر کێشەی کوردیشی بەڕاستەوخۆیی هاتە سەر ئەوە ناوچەکە بەرەو مەرگەسات و ڕووداوی چاوەڕوان نەکراو دەبات و ئاکامی باشی نابێت . نەبوونی وەختی ئەمریکا بۆ کردنەوەی بابەتی لەم شێوەیە کارێکی وایی کردووە کە دەسەلات دارانی تورکی هەمیشە بەدەمارگیری بمێننەوە و ترسی تەواویان لە گۆڕانکاریەکانی ناوچەکە هەبێت .. کەواتە ئەمریکا بۆ بەئەنجام گەیاندنی دەستکەوتەکانی خۆیی و خۆدوور خستنەوە لە شکەست و دۆڕاندن کە ئەگەر بێت کارێکی لەم شێوەیە ڕوبدات دیسان گرفت و کێشەی ناوچەکە زیاتر دەکات و دراوسێکانیش دەبنە هەڕەشەیەکی گەورەو دوور نیە دەست لەکاروباری وولات بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ وەربدەن و بەشێوەیەکی گشتی لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاست پارسەنگی سیاسی دەگۆڕێت و گەورەترین تریس و هێرشی چاوەڕوان کراو بۆ سەر ئیسرائیل دەبێت و بۆچوون ڕەفتاری دەوڵەتانی عەرەبش دەگۆڕدرێت چونکە لەمریکا بەڕاشکاوی ئاگاداری ئەودۆستە عەرەبیانەی خۆیی کردوە لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ئەگەر بەتەواووی هاوکاری ئەمریکا نەبن و دەست لەکاروباری ناوخۆیی هەڵنەگرن و هاوکارنەبن لەسەرکەتنی سیاسەتی ئەمریکا لەعێراق ئەوە دەسەلاتی خۆیان دەخەنە مەترسیەوە و ئەوانیش لەدەسەلات نامێننەوە  .

هەر بۆیە دەسەلاتی ئەمریکی دوای شکستی ئەو سێ ساڵە کە حکومەتەکانی عێراق هۆکارێکی سەرەکی بوون بۆ ئەو شکەستیانە چونکە هەموو لادان و شێواندنی ئاسایش و گەندەڵی و دزینی سەروەت و سامانی عێراق و فرۆشتنی نەوت و دروست کردنی جۆرەها پەیوەندی تەنها بۆ پاراستنی بەرژەوەندیە تاکە کەسیەکان تا کۆمەڵیەکان کارێکی وایان کرد کە ئەمریکاش نەتوانێ کارەکانی بکات یان پلانەکانی بەئەنجامێک بگەیێنێ ئەگەر هەندێ جار ئەو پلان و بۆچوونانەش هەڵەبن و ئەو گرفتانەش لەئەنجامی ئەو هەلانەوە سەریان هەڵدابێ .. بەلام ئەم جارەیان ستراتیجیەتی بۆش دەبێتە دوایەمین کارت بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشانە و وایێ دەچێ لەسەرتاوە هەنگاوەکان لاوازبن و تائێستا ئەوەی بەدیاربێت لەناوبردنی ئەو کۆمەلانەی کەبەناوی سەربازانی ئاسمان و مەهدی مورتەزا خۆیان ناودەبرد و لەناویان بردن بەلام کەرکوک و بەغداو شوێنەکانی تر بەچەندین تەقینەوە و کوشتنی سەدان و بریندار بوونی سەدانی دی نمونەیەکی زیندووی بێ ئاکامی ئەو ستراتیجیەتەیە کە باسی لێوە دەکرێت .

نەتەوەی کورد پێویستی بەوە هەیە خۆیی ئامادەبکات بۆ هەنگاوە دبلۆماسیەکان و خۆسازدان بۆ هەربەرەنگاربوونەوەیەک چونکە ناوچەکە لەبری ئەوەی بەرەو ئاشتی بەرقەراری و هێمنی بڕوات بەرەو شەڕو پێکدادان و ئاژاوە دەڕوات و ئەو ئاگرەش کورد بێبەری ناکات و کوردیش دەبێ ئامادەی تەواووی هەبێت و خۆیی بۆ هەموو ئەگەرێک ئامادەبکات و پەند لەهەڵەو لاوازیەکانی ڕابردوو وەرگرێت و چی دی خۆشباوەڕی و لەخۆڕازی بوون

و بێدەنگی و لاوازی ڕزگاربکات و هەنگاوی جدی و بوێرانە بنێ کەلەبەرژەوەندی نەتەوەیی دابن . لەو چوار شەڕەی باس کران ئێستا بەشێوەیەکی ڕاستەخۆ کورد لەدووانیان دا بەشدارە یەکەمیان شەڕی تیرۆر و دووەمیان یاخی بووان ئەو سەدامیەکان کە هەمیشە بەفکرو بۆچوونە شۆڤێنیەکانیان دژ بەخواستە نەتەوەیەکانی گەلی کورد بوون . بەهۆی بەشداری هێزە سەربازیە کوردیەکانیش لەوانەیە بۆ ئایندە شەڕی کوردو عەرەبی ڕاگەیەندراو بەشێوەیەکی ئاشکرا دروست ببێ ...

بۆیە دەبێ بەم ڕوانگەیەوە لەمەسەلەکان بڕوانین و بڕوامان بەوەبێت چەند ئایندە بەگەش ڕوناک ببینین دەبێ ئەوەندەش بەڕەش و تاریک تابتوانین پلان و بەنامەڕێژی ڕاست و دروست بۆ ئایندەمان داڕێژین .